سەرۆک کۆمار پێشوازی لە سەرکی ئینجومەنی باڵای دادوەری دەکات

سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ پێنجشەممە 7-12-2023 لە کۆشکی بەغداد، پێشوازیکرد لە دادوەر فایەق زەیدان، سەرکی ئینجومەنی باڵای دادوەری.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوکی سەرکایەتی کۆمار لەدیدارکەدا تاوتوێی بارودۆخی گشتی وڵات و چێنیەتی بەرجەستەکردنی دادپەروەری و سەربەخێیی دادوەری و پتەوکردنی بنەمای سەروەری یاسا کرا و جەختیان لە پێویستی هەماهەنگی و بەهێزکردنی یەکخستنی نێوان دەسەڵاتە دەستوورییەکان کردەوە.

سەرۆک کۆمار دوپاتی لە گرنگی ڕۆڵی دەسەڵاتەکانی دادوەری کردەوە لە پاراستنی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئینجومەنی پارێزگاکان بە شێوەیەک کە ڕەوشوێنی پاکی و بەگەردی هەڵبژاردنەکان دەستەبەربکات.

هاوکات سەرۆک کۆمار، ئاماژەی بە هەماهەنگییەکی بەرهەمدار کرد لە نێوان سەرکایەتی کۆمار و ئینجومەنی باڵای دادوەری بەتایبەتی لە بواری داشتنی یاساکانی پێیوست بە پەداویستییەکانی خەڵک و بەردەوامبوون لە بەرێنگاربوونەوەی گەندەڵی و کەمکردنەوەی پشڵکارییەکان لەسەر بودجەی گشتی.

هەر لە دیدارکەدا پەداچوونەوەیان بە ئینجامەکانی سەردانەکەی سەرۆک کۆمار بۆ ئیمارات و بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی لوتکەی نێتەوە یەکگرتووەکان بۆ کەشوهەوا (COP28) و لوتکەی کەمەڵی(

.کرد دوبێی لە China) G77+

لێلای خێرێو دادوەر فایق زێیدان، جەختی کردەوە لەسەر پێویستی هەماهەنگی و هاوئۆکردن لە نێوان سەرکایەتی کەمار و ئینجومەنی باڵای دادوەریدا سەبارەت بە پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی کە خزمەتی خەڵک و بەرژەوەندییەکانیان دەکەن و کەمتەرخەمان لە تاوان و دیاردە نامۆکان دەپارێزن.

هەروەها سەرکی ئینجومەنی باڵای دادوەری ستایشی سەردانەکەی سەرۆک کەمار بۆ ئیمارات و بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی لوتکەی نێتەوە یەکگرتووەکان بۆ کەشوهەوا کرد ، لە خولی بیست و هەشتەمیندا، و داوای بەڵێزیان بۆ دامەزراندنی کەمپێنێکی هەرەمی کە هەشت وڵاتی کێناراوەکانی کەنداو لەخۆ بگرێت بۆ هووبووونەوەی مەترسییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.